قوباد تاهیر بانی: یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان



قوباد تاهیر بانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێم لەکێبونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندرێ بیزێی کونسوڵی گشتیی بریتانیا لە هەرێم رایگەیاند، یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوبەشیی راستەقینە کە بەبۆ جیاوازی خزمەتی هەمو کوردستان بکات.

لە کێبونەوەکەدا کە ئەمڕۆ پێنجشەممە بەڕێوەچو، باس لە زیانەکانی لافاوەکەی چەمچەماڵ و ئیدارەی گەرمیان کرا، کونسوڵی گشتیی بریتانیا هاوخەمی خۆی بۆ خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوانی لافاوەکە دەربڕی، جێگری سەرۆك وەزیرانیش ئاماژەی بەوەکرد، هەمو ڕوشونکی پێویست گیراوەتەبەر بۆئەوەی زیانلێکەوتوان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و هەنگاوی پێویستیش دەگرنەبەر بۆ ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی ڕوداوی هاوشێوە لە داهاتودا.

لەو تەوەرەکی تر باس لە پیکهێنانی حکومەتی داهاتوی هەرێم کرا و لەمبارەیەشەوە، قوباد تاهیر بانی جەختیکردەوە یەکێتی ئامادەیە بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی

حکومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپی هاوبەشیی راستەقینە کە بەبێ جیاوازی خزمەتی هەمو کوردستان بکات.

سەبارەت بە پیکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراقیش، قوباد تاڵەبانی ئاماژەی بە سەردانەکەی چەند رۆژ لەمەوبەری وەفدی باڵای یەکێتی کرد بۆ بەغدا و رایگەیاند، لە سەردانەکەدا دید و بەرنامەی یەکێتیمان بۆ لایەنە عێراقییەکان روون کردوەتەوە و جەختمان کردوەتەوە لەسەر پێویستیی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز کە بتوانێت کێشەکانی عێراق و لەناویشیاندا کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە لێکتێگەیشتن و بەپێی دەستور چارەسەر بکات.